# ئەدۆنیس خەڵاتی گۆتەی پێبەخشرا

ئامادەکردنی : لاوەند




شاعیری سوری (عەلی ئەحمەد سەعید) ناسراو بە (ئەدۆنیس) لە ساڵی 1930 لە گوندی قەسابین جەبەلی لەسەر دەریای ناوەراست لەدایك بوو، لە قوتابخانەی فەرەنسیدا خوێندویەتی و لە پەنجاکاندا لە زانکۆی دیمەشق دەرچووە، خەڵاتی گۆتەی لە بواری ئەدەبیاتدا لە رۆژی لەدایکبوونی گۆتەدا لە 2011/8/28 لە شاری فرانکفۆرت لە شوێنی لەدایکبوونی (یوهان فولفغانغ فۆت گۆتە) وەك یەکەم ئەدیبی عەرەبی وەرگرت.

لەم بارەوە حکومەتی ئەڵمانی رایگەیاند "لیژنەی دەستنیشانکردنی هەڵبژاردنی ئەدۆنیس وەك شاعیرێکی عەرەبی گرنگییەکی زۆری هەیە لەناو جیلەکەی خۆیدا، هەروەها کارەکانی کردە کاری جیهانی و بەشداریکردنی لە ئەدەبی جیهانیدا، جگەلەوەش ئەدۆنیس ماوەیەکی زۆرە لە پاڵێوراوانی خەڵاتی نۆبڵە". هۆکاری پالاوتنی ئەدۆنیس بۆ ئەم خەڵاتە دەگەرێتەوە بۆ سەرکەوتنی ئەدۆنیس لە گواستنەوەی دەستکەوتەکانی مۆدێرنەی ئەوروپی بۆ رۆشنبیری عەرەبی، هەروەها بوونی بەرهەمی گرنگ و بەهێز لە بواری ئەدەبیاتدا، جگە لەمەش ئەدۆنیس ماوەیەکی زۆرە هەڵگری بیری مۆدێرنەو خەباتکاری ئەم بیرەیە لەسەر رۆشنبیری رۆژهەڵات، چ شیعرو چ دەقەکانی تری بوونەتە پەیامی گەیاندنی بیرو هزری نوێ و دروستکردنی نەوەیەك جیاواز لە نەوەکانی رابردوو.

شایەنی باسە ئەم خەڵاتە هەر سێ ساڵ جارێك دەبەخشرێت بە کەسایەتیەکی چالاکی بواری ئەدەبیات، نرخەکەشی (50)هەزار یۆرۆیە، کە دەکاتە (70320) دۆلارە.